# ڕاگەیاندنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئێران بەبۆنەی دامەزرندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عیراقە وە

پیرۆزبایی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عیراق لە هاورییانی دامەزرینەری حیزب و چینی کرێکار وخەڵکی عێراق دەکەین. دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری چەپی عیراق لە عێراقدا یەك پێویستی بوو . لەگەل سەرهەڵدان و دەرکەوتی مەیلی راست لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و گری خواردنی بەتەواو ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بەو مەیلەوە، بە ناچاری ئەبێت بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و خەتی مەنسور حیکمەت لە عیراق بە شێوەیەکی تر نوێنەرایەتی بکرێت .ڕابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق زۆر بە پەلە بەبێ هیچ قەیدو بەندێك پەیوەست بوو بە مونشەقەکان و حیزبەکەیانەوە ریگەیان لە بەردەم پێشاندانی هەر جۆرە تەرح و پێشنیار و ناساندنی بەحسەکان و هەلوێست گیری ئوسولی لە سەر جیاوازی تێروانینە قوڵەکان لە حیزبی ئیمە دا وهەر بەو پی یە ش، لە هەموو بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە هاتبووە کایەوە لە ناو ریزەکانی حیزبی خۆیاندا بەست. رابەری حیزبی عیراق هەتا ئێستا وەك لقێکی موونشەقەکان رەفتاری کردووە وە بەو پێیە ریگایی خۆیان لە خەتی چەپ و رادیکاڵ و سۆشیالستی کۆمۆنیزمی کرێکاری جیاکردوەتەوە .لەم هەل و مەرجەدا تەنها ریگە دروست کردنی حیزبێك بوو کە لە بەرامبەر کارێگەری بۆچونی ڕاست لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری عراق دا ڕابووەستێت وە ئالأی شۆرش وسۆسیالزم شەکاوە بپارێزیت .حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق هەر وەك لە بە یاننامەی دامەزراندنەکەیدا هاتووە لە وەلأم بەم پیداوستیەوە دامەزراوە . تا وەلأم بە ئەرکێکی مەترسیداری شۆرش گێڕانە و سۆشیالیستی بزوتنەوەکەمان لە هەلومەرجی ئاڵۆزی عێراق بداتەوە .ئێمە بە هەموو تواناى خۆمانەوە بەرگری لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی

عێراق دەكەین وە بۆ بە سەرئەنجام گەیاندنی  ئەركە گرنگەكانی كۆمەكی دەكەین .  سەركەوتن و پێشرەوی  زیاتر بۆ حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری چەپی عیراق لە ئەنجامدانی ئەركێكی مەترسیداردا كە لە بەرامبەر خۆی دایناوە، ئاواتە خوازین .

**حمید تەقوایی**

**سكرتێری حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئێران**

**20اكتبر2004**